KURDISTAN

# نەورۆزتان پیرۆز

## خاکەلێوە

کوردە گیان یاخوا جێژنت پیرۆز بێ
بەهاری ژینت جێژنی نەورۆز بێ
چەند دڵگوشایە خاکەلێوەکەت
پیرۆزە ڕەنگە شاخ و کێوەکەت
هەژار

**Mar - Apr** | **٢٧٢٥** | **خاکەلێوە**

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ 21 | | | | | | |
| ٨ 28 | ٧ 27 | ٦ 26 | ٥ 25 | ٤ 24 | ٣ 23 | ٢ 22 |
| ١٥ 4 | ١٤ 3 | ١٣ 2 | ١٢ APR 1 | ١١ 31 | ١٠ 30 | ٩ 29 |
| ٢٢ 11 | ٢١ 10 | ٢٠ 9 | ١٩ 8 | ١٨ 7 | ١٧ 6 | ١٦ 5 |
| ٢٩ 18 | ٢٨ 17 | ٢٧ 16 | ٢٦ 15 | ٢٥ 14 | ٢٤ 13 | ٢٣ 12 |
| ڕەحمان نەقشی | | | | | ٣١ 20 | ٣٠ 19 |

سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی

## خاکەلێوە: ٢٧٢٥ = مارچ و ئەپریل ٢٠٢٥

١- ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢١ی مارچی ١٩٨٥ی زایینی؛ شەهید بوونی سەدیق فەرۆخیان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار. لە هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو.

٢- ٢ی خاکەلێوەی ١٣٧١ی هەتاوی = ٢٢ی مارچی ١٩٩٢ی زایینی؛ کۆچی دوایی مەلا قادری مودەڕەسی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان.

٣- ٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی مارچی ١٩٧٣ی زایینی؛ شەهید قادری ویردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکرات کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی سەردانی شاری بانەی کردبوو لە نیو شاری بانە بەهۆی دەستڕێژی خۆفرۆشێکەوە شەهید کرا.

٤- ٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی = ٢٢ی مارچی ٢٠١٢ی زایینی؛ غوڵامحوسێن سەمەندەری، هونەرمەندی بەناوبانگی ژەنیاری دووتار لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری تورب‌ەتی جام بە هۆی سەکتەی مێشک، کۆچی دوایی کرد.

٥- ٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٢٦ی مارچی ٢٠٢٠ی زایینی؛ خاتوو "سەلمێ شڵماشی" خوشکی شەهید مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شڵماشی ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتی ناسراو و نیشتمانپەروەری کورد مامۆستا مەلا محەممەد شڵماشی لە شاری سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

٦- ٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٢٧ی مارچی ٢٠١٩ی زایینی؛ سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکدا دوکتۆرای فەخری بە پورفێسۆر کۆچەر بیرکار بەخشی. پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار براوەی خەڵاتی فیلدزی بیرکارییە کە لە کاتی وەرگرتنیدا، خەڵاتەکەی بە گەلی کورد بەخشی و بۆ بە مایەی خۆشحاڵی سەرجەم خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان.

٧- ٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی = ٢٨ی مارچی ٢٠٢١ی زایینی؛ کۆچی دوایی سەلاح مێهرپەروەر کوڕی گەورەی کاک عەلی مێهرپەرەر. ساڵانێکی دوورودرێژ وەک کادرێکی بە مشوور لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی کرد. بە هۆی پەتای کۆرۆناوە لە شاری هەولێر بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

٨- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی؛ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پێشەوا قازی بە ناوی نهێنیی "بینایی" دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی "ژ - ک" و پاشان هەر بە پێشنیاری پێشەوا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی دادەمەزرێت و لە یەکەم کۆنگرەی حیزب، بەرنامەی پێشنیار کراوی قازی پەسند دەبێ و خۆیشی وەک ڕێبەری حیزب هەڵدەبژێردرێ. پاش ماوەیەکی کورت (٥ مانگ و ٧ ڕۆژ) لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ، یەکەم کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای کورد - قازی محەممەد - لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕاگەیاندرا و قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەبێت بە سەرکۆماری کۆماری کوردستان.

٩- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی؛ لە سێدارە دانی محەممەد حوسێن سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان جێگری پێشەوا قازی محەممەد و ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد بە دەست ڕێژیمی پاشایەتی ئێران لەچوارچرای شاری مەهاباد.

١٠- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ی زایینی؛ لە سێدارە دانی ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلەمانی ئێران و برای بچوکی پێشەوای قازی محەممەد بە دەست ڕێژیمی پاشایەتی ئێران لە چوارچرای مەهاباد.

١١- ١١ی خاکەلێوەی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٣١ی مارچی ٢٠٠٣ی زایینی؛ کۆچی دوایی مەناف کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان و ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆی ئازەربایجان - سۆڤیەتی پێشوو.



سەرچاوە Serchawe

١٢- ١٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی = ١ی ئەپریلی ٢٠٢١ی زایینی؛ خاتوو **نەمام غەفووری** دوکتوری بواری نەشتەرگەری و چالاک و هەڵسوور و ماندووییەناس، ژنە تێکۆشەری کورد دوای ساڵانێکی زۆر خزمەت بە مرۆڤایەتی بە گشتی و ژنان و منداڵان و بەساڵاچووانی کوردستان بە تایبەتی دوای چەند ڕۆژ ململانە لەگەڵ نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

١٣- ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢ی ئەپریلی ١٩٧٣ی زایینی؛ کۆچی دوایی **حوسێن زێرینگەران(حوسێن فروهەر)** ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ - ک) و ئەفسەرو چالاکوانی سیاسی کورد لەشاری تاران پێتەختی وڵاتی ئێران.

١٤- ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ی هەتاوی = ٢ی ئەپریلی ١٩٨٠ی زایینی؛ شەهید بوونی **عەبدووڵڵا ئەفشین ڕاد** ناسراو(**بە سەروان ئەفشین**) فەرماندەری هێزی بەیان لە گەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی لە بۆسەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سێ ڕای میاندواو.

١٥- ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی = ٣ی ئەپریلی ١٩٨٣ی زایینی؛ شەهید بوونی **عەلی پیرۆتی** جێگری فەرماندەری هێزی ئەفشین، و دوو هاوسەنگەری دیکەی لە هێرش بۆ سەر موڵگەی "چارشێوبەسەر"

١٦- ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٣ی ئەپریلی ٢٠١٠ی زایینی؛ ماڵئاوایی **عەبدوڵڵا شینانی** فەرماندەری هێزی ٢ی ڕێبەندان حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆچی دوایی بەهۆی نەخۆشی ترونهامی نۆرویژ.

١٧- ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی؛ کۆچی دوایی "**باقی شەفیعی**"، شاعیر، هونەرمەند و کەسایەتیی ناسراوی پاوە و هەورامان، بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە لە نەخۆشخانەی پاوە،

١٨- ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٢ی زایینی؛ کەسایەتی دیار و خۆشناوی شاری سەردەشت بەڕێز کاک **مستەفا نەقیب**، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە ژیان و گشت ئەندامانی بنەماڵە و ناسیاوان و دۆستانی کرد.

١٩- ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی؛ کۆچی دوایی **ناسر ئاغابرا** (**ژاکاو**) شاعیری دیارو نیشتمانپەروەری خەڵکی شاری مەهاباد، بەهۆی وەستانی دڵ لە یەکێک لە نەخۆشخانەیەکی شاری مەهاباد.

٢٠- ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی = ٦ی ئەپریلی ١٩٨٤ی زایینی؛ شەهید بوونی **عەبدوڵڵا محەممەدی** ناسراو بە (فەقێ عەولا) فەرماندەری هێزی مینەشەم، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەپشتی گوندی چوالان - ناوچەی ڕەبەت.

٢١- ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٥ی ئاوریلی ٢٠٢٤ی زایینی؛ ماڵاوایی **هاشم کەریمی**، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە شاری لەندەن پێتەختی بریتانیا. بە مەرگی کاک هاشم کەریمی حیزبی دێموکرات و خەباتی میللی - دێموکراتیکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان تێکۆشەرێکی زۆر بەوەج و دڵسۆزی خۆیان لەدەست دا.

٢٢- ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی = ٦ی ئەپریلی ١٩٨٤ی زایینی؛ شەهید **حوسێن شەمامی** جێگری فەرماندەری هێزی مینەشەم، لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکە، بە هۆی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەپشتی گوندی چوالان - ناوچەی ڕەبەت.

٢٣- ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٧ی زایینی؛ کۆچی دوایی **میرزا عەبدوڵڵا حەکیمزادە** یەکێک لە مامۆستا سەرکەوتووەکان، کەسایەتی خۆشناو و تێکۆشەری شاری سەردەشت بە هۆی نەخۆشی.

٢٤- ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١١ی ئەپریلی ٢٠١٨ی زایینی؛ کۆچی دوایی **سارم الدین صادق وزیری** کەسایەتیی ناوداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوقووقیی کورد لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا لە شاری "ڤێ ڤێ"ی وڵاتی سویس. سارم خان لە بنەماڵەی گەورە و بەناوبانگی وەزیرییەکانی شاری سنە بوو کە هەروەک بنەماڵە نەخشێکی مێژوویی و گرنگیان لە خزمەتی بەرەوپێشبردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لەوشارە و لەو ناوچەیەدا هەبووە.

٢٥- ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی = ١٠ی ئاپریلی ٢٠٢١ی زایینی؛ کۆچی دوایی کاک **لوقمان مێهفەر**، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی کۆرۆنا، لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر.

٢٦- ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٨١ی هەتاوی = ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٢ی زایینی؛ کۆچی دوایی **ڕووناک یاسین** مامۆستای زمانناس و میتۆلۆژی و نووسەری بەتوانای کورد لە واشینگتۆن پێتەختی ئامریکا.

٢٧- ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٥ی ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی؛ کۆچی دوایی "میرزا حوسێن شەریفی" باوکی شەهید "ڕامین شەریفی" کەسایەتییەکی خۆشناو و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هونەری خۆشنووسیی بەهرەمەند بوو، لە شاری سەقز.

٢٨- ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی = ١٧ی ئەپریلی ١٩٨٦ی زایینی؛ کۆچی دوایی محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە(هێمن)یان هێمن موکریانی تێکۆشەر و شاعیری وەرگێڕی ناوداری کورد لە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری مەهاباد بە خاکیان سپارد.

٢٩- ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی؛ کۆچی دوایی "حاجی ئەحمەد کامەرانی". کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانپەروەری ناوچەکانی شنۆ و پیرانشار.

٣٠- ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی ئەپریلی ٢٠٢٢ی زایینی؛ هونەرمەندی بە توانا و دەنگخۆش، هونەرمەندی موزیکژەن و ئاوازدانەر کاک قادر سەیاحی لە تەمەنی ٧٩ ساڵی دا لە شاری خۆی کۆچی دوایی کرد.

٣١- ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢ی زایینی؛ کۆچی دوایی عومەر قازی کەسایەتی سیاسی و بە ناوبانگی شاری مەهاباد، قارەمانی خۆڕاگری ئەشکەنجە لە سیاچاڵەکانی دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە تەمەنی ٨٨ سالیدا لە شاری مەهاباد.

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = مارچی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe